## ڕاگەیەنراو

## ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان ئیدانەی هەواڵە نادروستەکان دەکات سەبارەت بە مندالی ئیشکەر، داوای وەلامدانەوەی خێرا و گرتنەبەری ئاکاری توندتر دەکات بۆ پاراستنی مندالانی هەژار

**سلێمانی/ عێراق – ١٢ تشرینی دووەم ٢٠٢٤**، ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان نیگەرانە بەبینینی ڕاپۆرتە نافەرمییەکانی کە باس لە چەند حالەتێکی مندالی ئیشکەر دەکات لە شارەکەماندا. بەکارهێنانی مندالان قبولنەکراوە، ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان تیمەگەڕۆکەکانی چاودێریکردن و پاراستنی مندالی ئیشکەر دەخاتە گەڕ بۆ کارکردن لە نزیکەوە بە هاوکاری هێزە یاساییە ناوخۆییەکان بۆ لێکۆلینەوە لەو حالەتانەی ڕاپۆرتیان لەسەردراوە لەڕێگەی سەیرکردنەوەی کامێراکانی چاودێری بۆ دۆزینەوەی هۆکارە نادیارەکان کە ئاخۆ ئەم ڕووداوە گوماناویانەی بەردەم سەنتەرەکەمان بەشێکن لە کردارێکی پلان بۆداڕێژراوی سەبارەت بە مندالی ئیشکەر یان هەلمەتێکی چەواشەکارییە.

سەرەڕای دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆلینەوەیە، ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان هەمیشە پابەندە بە گرتنەبەری هەلوێستی دەستبەجێ و ورد و گونجاو.

ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان کاتێکی زۆری تەرخان کردووە بۆ ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و بانگەشە بۆ هاندانی حکومەت بۆ گرتنەبەری ڕێکاری توندتر بۆ پاراستنی مندالانی ئیشکەر  وهەروەها داوای سزای توند دەکات بۆ هەر کەسێک کە مندالان بچەوسێنێتەوە و بەکاریانبهێنێت تەنانەت ئەگەر ئەندامانی خێزانەکەشی بن.

پرۆژەی چاودێریکردن و پاراستنی مندالی ئیشکەری سەر بە ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان لە سالی ٢٠٠٧ دەستبەکاربووە هاوشانی لایەنە ناوخۆییەکان کاردەکات بۆ دەستنیشانکردنی ئەو مندالانەی لە ژێر مەترسی بەکارهێناندان. پرۆژەکە  ئەنجامێکی باشی هەبووە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و ناوچەکانی دەوروبەری. لە سالی ٢٠٢٣ وە لیژنەی پرۆژەی چاودێریکردن و پاراستنی مندالی ئیشکەری سەر بە ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان زیاتر لە ١٢،٤٨٠ (دوانزە هەزار و چوار سەد و هەشتا) سەردانی بۆ شوێن کارەکان ئەنجامداوە و ١٥٨٤ مندال کە لەژێر مەترسیدابوون دەستنیشانکردووە وە دەرەنجام دوورخراونەتەوە لە ژینگەی یەکجار مەترسیدار. بەتەنها لە سلێمانی لە مەلبەندی ڕۆشنبیری مندالانی سەرا ٢٨٠ مندال چارەسەری دەروونی و کۆمەلایەتی وەردەگرن، ئەمەش بۆ هاوکاری کردنی ئەو مندالانە بۆ چاکبوونەوە لەو شۆکە دەروونیەی پێیدا تێپەڕبوون و بەدەستهێنانەوەی تەندروستی دەروونیان  و پاراستنایان لە ژینگەیەکدا کە پشتیوانیان دەکات.

پێشنیارێکمان گەیاندە دەسەلاتی یاسادانەر، پێشنیارەکە پێکهاتبوو لە لیستێک سەبارەت بە ئەو پیشانەی کە مەترسیدارن بۆ مندالان و هەرزەکاران و دەبێت قەدەغەبکرێن لەگەل داواکاری پێداچوونەوەی یاساکانی کاری مندالان بۆ دلنیابوون لەوەی کە ئایا دەتوانن چارەسەری ئاستەنگە نوێیەکان بکەن. هەرچەندە بۆ ڕێگریکردن لە کارپێکردنی مندالان و توندوتیژی بە شێوەیەکی کارا دەبێت هۆکاری سەرەکی کارکردنی مندالان چارەسەر بکەین کە هەژارییە. ڕێکخراوی مندالپارێزی کوردستان داوای سیستەمێکی کارا دەکات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆمەلایەتی و خۆراک بۆ ئەو مندالانەی لە ژێر هێلی هەژاریدا دەژین بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام  بۆیان و پشتگیری کردنی خێزانە هەژارەکان کە ئەمەش هاوکار دەبێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی بەکارهێنانی مندالان.

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیل: press@ksc-kcf.org

پرۆژەکانی ڕێکخراوی مندالّپارێزی کوردستان وەک پرۆژەی گرتنەخۆ هاوکاری دارایی مانگانە پێشکەشدەکات بەو خێزانانەی پێویستیانە بۆ ئەوەی مندالّەکانیان بتوانن گرنگی بدەن بە خوێندن و تەندروستیان و ناچارنەبن کاربکەن.

کارمەندانی کۆمەلاّیەتی ڕێکخراوی مندالّپارێزی کوردستان بە هاوبەشی لەگەلّ پۆلیسی نەوجەوانان و چەند بەڕێوبەرایەتییەکی دیکە کاردەکەن بۆ چاودێری کردنی مندالاّنی ئیشکەر و دلّنیابوونەوە لە پێراگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان. هەروەها ڕێکخراوی مندالّپارێزی کوردستان هەلّمەتی هۆشیاری ئەنجامدەدات بۆ خێزانەکان و کۆمەلّگا بۆ بلاّوکردنەوەی زانیاری زیاتر لەسەر مەترسی و کاریگەرییەکانی مندالّی ئیشکەر.

بە ئامانجی توندکردنەوەی ڕێکارەکانی پاراستن ڕێکخراوی مندالّپارزی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەلّ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی کاردەکات بۆ بەرەو پێشبردنی لیژنەی چاودێریکردن و پاراستنی مندالّی ئیشکەر، لەڕێگەی ئامادەبوونی مانگانە لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی بالاّی پاراستنی مندالاّن، هەروەها بۆ دابینکردن و بنیادنانی هێزێکی یەکگرتوو. ڕێکخراوی مندالّپارێزی کوردستان هەولّدەدات بۆ دامەزراندنی لیژنەیەکی جێبەجێکردنی نەتەوەیی بۆ مندالّی ئیشکەر بۆ دابینکردنی ڕێگەچارەی کاریگەر و هەمیشەیی بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانە.

خستنەپالّی تۆمەتی بێ بنەما بەرامبەر بە دلّسۆزی ڕێکخراوی مندالّپارێزی کوردستان هەولّێکە بۆ کەم نرخاندنی ئەرکەکەمان و دروستکردنی مەترسی بۆ سەر ئەو مندالاّنەی ئێمە هەولّدەدەین بەو پەڕی توانامانەوە بیانپارێزین تا بتوانین ژینگەیەکی ئارام و تەندروستیان بۆ دابینبکەین. دلّنیایی دەدەین کە ڕێکخراوی مندالّپاریزی کوردستان بۆ هەمیشە پابەند دەبێت لە ئەرکەکەیدا بێ چەواشەکاری لە پێناو دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست و پڕ لە ئاشتی و پشتیوانی بۆ هەموو مندالّێک بە بێ جیاوازی، و هەروەها ماندوو نەناسانە کاردەکات بۆ دلّنیابوونەوە لە دابینکردنی داهاتوویەکی گەشاوە و پارێزراو بۆ مندالاّن.

-کۆتایی-

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیـــڵ: press@ksc-kcf.org

## دەربارەی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناوقازانجدا کارناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئاینی نیە، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسیەکان یارمەتی پێشکەش بە منداڵان دەکات .

لە ئێستادا لە چوارچێوەی ٤ بەرنامەی سەرەکیدا کاردەکات ئەوانیش، پاراستنی منداڵ، تەندروستی، پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و هەروەها فریاگوزاری لە کاتی کارەسات.

ئامانجی سەرەکیمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشترە لەڕێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆری ماددی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، و پەروەردەی .

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و خانمی یەکەمی ئێستای عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دامەزراوە.

### بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە:

press@ksc-kcf.org

### سۆشیال میدیا پلاتفۆرمەکان:

https://www.ksc-kcf.org/

https://www.facebook.com/kurdistansavethechildren

https://www.instagram.com/kurdistansavethechildren/

https://www.linkedin.com/in/kurdistan-save-the-children/

https://twitter.com/KSC_KCF

https://www.youtube.com/@KurdistanSavetheChildren

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیــڵ: press@ksc-kcf.org